Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2024.110302

# نیشانەکردنی توخمە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان لە زمانی کوردییدا (هەڵێنجراوی تێزی دکتۆرا)

هێمن سەڵاحەدیین ڕەمەزان[١]، عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف[٢]

١- بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق
٢- بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | July,2024 |
| Revised: | August,2024 |
| Accepted: | September,2024 |

**Keywords**

نیشانەکردن، توخم، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسی، کرۆکە ڕێزمان، ڕێزمانی جیهانی

**Corresponding Author**

hemin.salahaldin@garmian.edu.krd
abduljabar.maroof@univsul.edu.iq

**پوختە:**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (پێڕەوی نیشانەکردنی توخمە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکانی زمانی کوردیی)یە، کە تێیدا نیشانەکردنی ڕێزمانی لە زمانە سرووشتییەکان و زمانی کوردیدا تاقیکراوەتەوە، توێژینەوەکە ئامانجی ئەوەیە پێڕەوی نیشانەکردنی توخمە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان لە هەناوی کرۆکە ڕێزمانی(**core grammar**)ی جیهانیدا بهێنێتە دەرەوە، بۆیە سەرەتا پێڕەوی نیشانەکردنی لە چوارچێوەی ڕێزمانی جیهانیدا **universal grammar** خستووەتەڕوو، بۆ ئەو مەبەستە نیشانەکردنی توخمە فەرهەنگییەکانی لە کرۆکە ڕێزماندا نواندووە، لەو ڕێگەیەشەوە دەروازەی بۆ نیشانەکردنی سینتاکسیانەی توخمە فەرهەنگییەکان لە زمانە جوداکان/تایبەتەکاندا **peripheral grammar** تاقیکردووەتەوەو بەراوردی کردووە بە نیشانەکردنی سیمانتیکییانەی توخمە فەرهەنگییەکان؛ لەم قۆناغەدا ئارگۆمێنتەکانی لە نموونەی زمانەکانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی و عەرەبیی هێناوەتەوە؛ پاشان لەسەر هەمان بنەمای ڕێزمانی جیهانی و پێڕەوی نیشانەکردن، نیشانەکردنی لە زمانی کوردییدا تاقیکردۆتەوە، ئەو کارەشی لەسەر بنەمای دابەشبوونی زمانی مرۆڤی بۆ فەرهەنگ و ڕێزمان ئەنجامداوە. بە جۆرێك فەرهەنگ گەنجینەی توخم و زانیارییە سینتاکسی و سیمانتیکییەکانی توخمەکان بێت و ڕێزمانیش بۆ نواندنی ئەو زانیارییانە بێت. بەوەش ئەو ئەنجامانە بەدەستهاتوون، کە نیشانەکردنی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان لە قۆناغی یەکەمدا لە هەناوی کرۆکە ڕێزماندایە، کە نواندنێکی جیهانییە، بەڵام لە زمانە تایبەتەکان و زمانی کوردییدا نیشانەکردنەکانی هی قۆناغی پاشترن.

## پێشەکی:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (نیشانەکردنی توخمە مۆرفۆژی و سینتاکسییەکان لە زمانی کوردییدا)یە، گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە بریتی بووە، لە نەبوونی سەرچاوەی کوردیی پێویست لە بارەی ڕێزمانی جیهانی و نیشانەکردنی توخمەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس. هەروەها ئامانج لە توێژینەوەکە ئەوەیە، کە بگات بەوەی نیشانەکردنی توخمە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان بەشێوەی نیشانەکردنی جیهانییە، گرنگی توێژینەوەکەش لەوەدایە، کە ئەم بوارەی کارکردن لە بارەی نیشانەکردنی توخمەوە کەمترین کاری لەسەر کراوەو ئەو کارانەشی کراون، بەپێی ڕێزمانی جیهانی نیین. میتۆدی توێژینەوەکە، پەسنی-شیکاریی پەیرەوکراوە.

## 1- نیشانەکردنی ڕێزمانی

پەیوەست بە تیۆری نیشانە~مارکەوە چۆمسکی هەوڵی ئەوەی داوە، کە تیۆری کرۆکە ڕێزمان core grammar/CG پێشنیازبکات. تیۆرەکە بریتییە لە چەسپاندنی هاوبەشی جیهانی (کرۆکە) زمان، تەنها دیاردە ڕێزمانییە تەواو نیشانەنەکاوەکان/مارکەلێنەدراوەکان دەگرێتەخۆی و لە زمانە سرووشتییەکاندا کرۆك~هەناو دەدۆزێتەوە. چۆمسکی سەرەتا لەگەڵ هالیی چەمکی نیشانەکردنی بۆ گۆکردنی فسیۆلۆژیی وەرگرت، دواتر چۆمسکی تیۆرەکەی هێنایە ناو ڕێزمانی بەرهەمهێنانەوە، بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکانی لە کرۆکە ڕێزمانەوە دەستپێکرد[1]. تیۆرەکە بانگەشەی بەو جۆرە دەکەوێتەوە، کە هەر ڕێسایەك لە زمانێکدا ڕەچاوی کرۆکی ڕێزمانی جیهانی نەکات، ئەوە نیشانەکراوە/مارکەلێدراوە، بەوەش لە یاسای زمانی مرۆڤ/زمانە سرووشتییەکان بەدەردەبێت و نیشانەکراو دەبێت؛ بەم پێیە دەشێت وا لێکدانەوەی بۆ بکرێت، کە ڕێزمانی گشتیی تیۆرێکە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە

[1] Qiang. Zhang, (2014: 95).

هەموو زمانێك/هەموو مرۆڤێك لە مێشكدا خاوەنی یەك زمانن، كە ئەمە تا ڕادەیەكی زۆر بەرانبەر بە دروستەی قووڵ دەوەستێتەوە، بەڵكو لە دروستەی ڕووكەشدا زمانەكان لێكجیادەبنەوە (ئەم لێكدانەوەیە بۆ زمانەوانیی دەروونی/زمانی تاك و ڕستە پراگماتیكییەكانیش دروستە)(بڕوانە نموونەكانی دواتر). كەواتا بەپێی بەرهەمهێنان مرۆڤ/منداڵ لە ڕێی یاسا گشتگیرە جیهانیی/مرۆییەكەوە (پێكهاتەكانی: سینتاكس، سیمانتیك و فۆنۆلۆژیی) دەتوانێت، بنەما و پارامێتەری زمانە تایبەتەكان بەدەستبهێنێت[2]، كە دەشێت بە ڕێزمانی پەراوێزی/تایبەت بناسێنرێت peripheral grammar[3]. بەم پێیە ڕیسا جیهانییەكان نیشانەنەكراون و ڕێسا تایبەتەكانیش نیشانەكراون. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، كە ڕێزمانی جیهانی/UG[4] پەیوەندی بە كرۆكە ڕێزمانەوە هەیە، نەك بە ڕێزمانی پەراوێزی/تایبەتەوە[5]، ئەگەرچی تیۆرەكە لە هەناوی قسەپێكەری نموونەیی زمانێكی تایبەتەوە دەگات بە ڕێزمانی جیهانی، ئەمەش بە خشكەیی ئەوە دەردەبڕێت، كە ڕێزمانی جیهانی ڕێزمانێكی نیشانەنەكراوە. بەم پێیەش كرۆكە ڕێزمان ریزمانیك نییە، دروستەی ڕووكەشی هەبێت، بەواتا زمانێك نییە، كە بتوانرێت لە نێو زمانانی جیهاندا پۆلێنبكرێت، بەڵكو زمانێكە بۆ كۆی مرۆڤ، كە هەر زمانە/نەتەوەیە، ڕێزمانەكەی خۆی لێوە نیشانەدەكات. ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، كە بابەتی زمان بۆ چۆمسكی تەنها ئەوانەن، كە دەتوانرێت پەیانپێببرێت و درك بە دیاردە ڕووكەشییەكان دەكرێت[6]، لەوانیشەوە درك بە ڕێزمانی جیهانی و كرۆكە ڕێزمان دەكرێت. ڕێزمانی كوردیی ڕێسا و یاسای خۆی پەیوەست بە كرۆكە ڕێزمانی جیهانییەوە جێبەجێدەكات. ڕێساكان پەیوەست بە بنەما و پارامێتەرەكانەوەن. ڕێساكان لە ڕێزماندا بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی لە خۆیان گەورەترن، بەواتا ڕێزمانەكە بۆ نواندنی ئەو زانیارییە سینتاكسیانەیە، كە لەناو توخمەكانیدا هەڵگیراون. (بڕوانە: پێكهاتەی فەرهەنگ) توخمە فەرهەنگییەكان ئەگەرچی لە ناوەرۆك/ناوەخنیاندا بنەما و پارامێتەرەكانی هەڵگیراون و جێبەجێكەری كرۆكە ڕێزمانی جیهانین، بەڵام سروشتی نواندنەكەیان لە چوارچێوەی سینتاكسدا جێبەجێدەبێت، بەواتا پەیكاڵ لەگەڵ كرۆكە ڕێزمانی جیهانیدا توخمەكان بۆ سازدانی پرۆژەن و لە ناوەرۆك/ناوەخنیاندا دیاریكەری پارامێتەری زمانەكەن. بانگەشەكە بە خشكەیی ئەوە دەردەبڕێت، كە توخمەكە ئەگەرچی پەیوەست بە بنەماوە خاوەن نیشانەی [+/- بنەما] و [+/-پارامێتەر]ن، كەچی بۆ زمانی كوردیی لە نواندنە ڕێزمانییەكەدا ئەو نیشانانە نیشانەدەكرێن، (X)هكان توخمی پرۆژەسازدەرن، پەیوەست بە پرۆژەكانەوە لە ئاست/لێڤڵی جیاوازی سینتاكسی و مۆرفۆلۆژیدان[7] (بڕوانە: بەشی دووهەم). ئەگەرچی بنەما ئاكارێكی سینتاكسیی (X)هكانە، بەڵام لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێناندا ئەو توخمانە پێواژۆ/پرۆسەی لێكدان و هەڵگواستن بەرهەمدەهێنن، هەر فەرهەنگین و بنەمای مۆرفۆلۆژیی پێكدەهێنن.

ڕوونكردنەوەكە ئەوە دەردەبڕێت، كە لە چوارچێوەی كرۆكە ڕێزماندا بنەمای مۆرفۆلۆژیی و سینتاكسیش جێبەجێدەكرێن، چونكە بنەماكانی بەرهەمهێنان لە ڕێزماندا سینتاكسی و مۆرفۆلۆژیین. جیاكاری بنەماكان پەیوەست بەو دوو پێكهاتەیە ئەوە دەگەیەنێت، كە دەبێت، توخمی فەرهەنگی پەیوەست بە هەر یەكەیان هەبێت و تێیاندا بنەماكان بۆ ناسینەوەی توخمەكان نیشانەكراو بن.


بنەمای مۆرفۆلۆژیی: بنەماكە پەیوەست بە كرۆكە ڕێزمانی جیهانییەوە دەبێت توخمی دیاریكراو و نیشانەكراوی نێو ئەو ئەو پێكهاتەیە هەبن، تا لە ڕێیەوە پرۆژەی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمبهێنێت، بە جۆرێك لەناو مۆدێلی ڕێزمانی كوردیدا لە فەرهەنگەوە بۆ مۆرفۆلۆژیی بن و فۆرمی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمبهێنن. مۆرفۆلۆژیی خۆی وەكو پێكهاتەیەك بۆ بەرهەمهێنانی فۆرمی نوێیە بۆ واتای نوێ. بۆ ئەم پارە بەرهەمهێنانی فۆرمی نوێ پەیوەست بە بنەماكە دەبێت و گرنگە، چونكە بنەماكە بۆ فۆرمە، دەبێت توخمی پرۆژەسازدەری مۆرفۆلۆژییانە بۆ بەرهەمهێنانەكە دەستنیشان بكرێت.

## 2- توخمە ڕێزمانییەكان

توخمی بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆژییانە بە ($X^{-1}$) دیاریكراون[8]. ($X^{-1}$)هكان بە پێكهاتەی مۆرفۆلۆژیی نیشانەكراون. خۆی لە خۆیدا سەلماندنی ڕێسابەندیی (هەبوونی ڕێسا) و كەرەستە و توخمی تایبەت بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی پێكهاتەكانە. بەواتا دەبێت كەرەستە و توخمی فەرهەنگی پەیوەست بە پێكهاتەكانەوە نیشانەكراو بن. زۆربەی سەرچاوەكان پشتڕاستی ئەوە دەكەنەوە، كە (X)هكان توخمی پرۆژەسازدەری ڕێزمانین، بەڵام دەكرێت لەو ڕێگایەوە بیری لێبكرێتەوە، كە ئایا لە فەرهەنگەوە بۆ مۆدێلی ڕێزمانی كوردی نیشانە/ناوەرۆك/یەكێتیی توخمەكان چۆنن؟ سەرەتا دەبێت لەوەوە دەستپێبكرێت، كە زمانی مرۆڤ دابەشبوونی نێوان فەرهەنگ و ڕێزمانە، بەواتای ئەوەی زمانی مرۆڤ لە فەرهەنگ و ڕێزمان پێكهاتووە. فەرهەنگ بۆ گەنجكردنی توخم/كەرەستەكانە بە ناوەرۆك/ناواخنی زانیاریی فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاكسی و واتاییەوە[9]، بەڵام ڕێزمان بۆ نواندنی زانیارییەكانە، بەواتا ڕێزمان ئەوانە دەنوێنێت، كە لە فەرهەنگدا تۆماركراون، نابێت ئەوەش لەبیربكرێت، كە كەرەستەكان لەناو فەرهەنگدا بەپێی پێكهاتەكان پۆلێن/گەنجكراون و بەپێی ڕێسا و یاسای پێكهاتەكان لە فۆرمی دروستەكاندا دەنوێنرێن[10]، ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، كە فەرهەنگ توخمەكان بە زانیارییەكانیانەوە گەنج دەكات و ریزمان بنەماكانی دروستەكان دادەڕێژێت. بڕوانە هێڵكاریی (2-1) لە خوارەوە؟


[2] Chomsky. N (1965: 27).
[3] Qiang. Zhang, (2014: 95).
[4]بڕوانە: Greenberg. Joseph. H, (1963)
[5] Cook, V. J. & Newson, M. (2007: 215).
[6] محەمەدی مەحویی، (2006: 11).
[7] Radford. Andrew, (2004, 61).
[8] Scalise. Sergio, (1988: 188)>
[9] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، لێكۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاكسی كوردیی (2020: 7).
[10] تریفە محەمەد فەرەج، (2024: 4).

هێڵکاریی (2-1) پێکهاتەی زمان




گەر مۆدێلە گشتییەکەی هێڵکاریی بۆ زمانی کوردیی، بخرێتەڕوو، ئەوا دابەشکردنەکە بەم جۆرانەی خوارەوە دەبێت[11].

هێڵکاریی (2-2) نواندنی کەرەستە فەرهەنگییەکان




مۆدێلەکە بە پێی ئەو دارێژراوە، کە فەرهەنگ توخم دەدات بە پێکهاتەکان، تا بینوێنن و کەرەستەی گەورەتری لێ بەرهەمبهێنێت. مۆدێلەکە ئەوە ڕادەگەیەنێت، کە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی وشەن، وشەکانیش جا چ سادەبن (فەرهەنگی) یان ناسادە (مۆرفۆلۆژیی)، ئەوە بۆ بەرهەمهێنانی فریز (سینتاکس) دەخرێنەکار. مۆدێلەکە مۆرفۆلۆژیی وەك ئاستێکی فەرهەنگ ختسووەتەڕوو، چونکە هەردووکیان هەڵسووکەوت لەگەڵ فۆرمی لێکسیم و بە لێکسیمبوودا دەکەن. لێکسیمەکانیش لەناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا دەنوێنرێن و فۆرمی سینتاکسی و مۆرفۆلۆژییان لێ بەرهەمدەهێنرێت[12].


## 3- نیشانەکردنی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان

لێکسیمەکان کە بە ئاستی (x) دیاریکراون، بۆ سازدانی پرۆژەی مۆرفۆلۆژیین، ڕاستە ئەوانە لە هەموو زمانێکدا بۆ سازدانی پرۆژە جیاکراونەتەوە/نیشانەکراون، بەڵام ئارگۆمێنتی دارشتنی زمانەکان لەو ڕووەوە جیا و جیاوازن. بۆیە دەکرێت، بۆ زمانی کوردیی جیاوازییەکی فۆرمی پاشان واتایی/فۆنۆسیمانتیکی هەبن، (بۆ نموونە بڕوانە هاوکێشەی خوارەوە). ئەمە جگە لەوەی کە زمانە جیاوازەکان بەهای جیاواز و تایبەتمەندیی جیاوازیان لە سیستەمی ڕێزمانیی خۆیاندا هەیە، بۆیە پێشبینی کردنی یەکسانیی ژمارەی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان و پۆلە سینتاکسییەکان دروست نییە، بۆ نموونە توێژینەوە کوردییەکان ئاوەڵکردار وەك توخم/($x^0$)ێکی فەرهەنگییان نەسەلماندووە، کەچی زمانێکی وەکو هاوسا/Hausa ئاوەڵناوی نییە[13]. ئەمە بۆیە دەگوترێت، چونکە زانیاریە سینتاکسییەکانی توخمەکان لە فەرهەنگدا لە دەروازەی زانیارییەکانیاندا هەن.

---

[11] بڕوانە: محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد، (2004: 87-100) و بیشرواتە: هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان، (2015: 8-9).
[12] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (2011: 33-36).
[13] **Ramat. Paolo, (1999).**


هێڵکاریی (1-3) نیشانەکردنی چەمکەکان لە زمانە سرووشتییەکاندا




واتا نیشانەکردنەکە بۆ زمانەکان لە ڕووی فۆرمەوەیە، کە دەشێت، هەریەك لەوانە لە ڕووی سیمانتیکەوە جلّەو و هەڵاوێری جیایان هەبێت. توخمی فەرهەنگی لە قۆناغی (x)دا بە پێی کرۆکی ڕێزمانی گشت ڕێزمانەکان پرۆژەسازدەرە[14]، هەروەها لە قۆناغی دواتردا لە (A)یش وەك توخمێکی پرۆژەسازدەر نیشانەکراوە، بەوەش نیشانەکردنەکە لە سەرەتادا بۆ (X)ەکانە، پاشان بۆ ئارگۆمێنتەکانە/پۆلەڕەگەزەکانە، کە ئەوانیش (N، A، V، P، ...)ەکانن. نیشانەکردنی ئەوانە بۆ گشت ڕێزمانەکانە، ئەویش بەو پێیەی ئەوانە توخمی دەسەڵاتدارن و پرۆژە سازدەرن. واتا قۆناغبەندیی لە نیشانەکردنی توخمەکاندا هەن و تا قۆناغی پۆلەڕەگەز و دانانی ئارگۆمێنت لە زمانەکاندا بڕوانە هێڵکاریی (2-3).


هێڵکاریی (2-3) نیشانەکردنی (x)ە فەرهەنگییەکان

X




هەریەکێك لەو ئارگۆمێنتانەی بۆ پێشناو و کردار و ئاوەڵناو و ناو بە هەمان بەهای زمانەکانی جیهانە و هەمان دەسەڵاتی سینتاکسییان هەیە. بۆیە وەك ئاماژەی بۆ کرا، نیشانەکردنەکە پەیوەستە بە پۆلەڕەگەزە کوردییەکەوە، کە ئەویش قۆناغێکی نواندنە بە پێی فەرهەنگ و ڕێزمانی کوردیی، بڕوانە نواندنەکەی لە هێڵکاریی (3-3)دا

هێڵکاریی (3-3): نیشانەکردنی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردییدا




هێڵکارییەکە ئەوە دەردەبڕێت، کە نیشانەکردنەکە بۆ پۆلەڕەگەزی کوردیی لە ئاست و لێڤڵی سێیەمەوە دەبێت، کە ئەگەرچی زانیارییە سینتاکسییەکانیان پەیوەست بە ئەرك و دروستەوە بەشێکن لە کرۆکی ڕێزمانییان، کە ئەم بابەتە/گریمانەیە لە لای پێکهاتەکانی سینتاکس و فۆنۆلۆژیی بەرەو گشتگیریی زمان ئاراستەکراوە، دواتر چۆمسکییش جەختیلەسەرکردۆتەوە[15]، بەڵام دەشێت پەیوەست بە کرۆکی واتاییەوە کۆتوبەندی سیمانتیکی پەیوەست بە زمانەکانەوە نیشانەنەکراو بێت، ئەویش لەبەر ئەوەی واتا بەشێک لە ئاوەزمەندیی زمانەکانی تێکەڵدەبێت؛ واتا کرۆکی سیمانتیکی بەشێکە لە زانیاریی ناو پۆلەڕەگەزەکان، بەڵام پێشبینی نیشانەکراوی لە زمانەکاندا دەکرێت. بۆ ئەم مەبەستە چەمکی/ واتای /پیاو/ لە هەردوو زمانی کوردیی و ئینگلیزییدا دەنوێنرێت، بڕوانە نموونەی () لە خوارەوە.

1- أ- /پیاو/ /Man/

| /پیاو/ | /Man/ |
| --- | --- |
| + مرۆڤ | + مرۆڤ |
| + هەراش | + هەراش |

-1 [14] بڕوانە: https://link.springer.com/chapter/10.1007/978-94-015-6859-3_8

[15] Chomsky. N (1965: 28).

+ نێر + نێر
+ ژنهێنان ..........

نواندنی نیشانەی جیهانی و تایبەت لە هەردوو پۆلەرەگەز ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە فۆرم/بیچمەکانی /پیاو/ و /man/ ئەگەرچی فۆرم/بیچمی جیاوازن، یان بەپێی زمانەکان نیشانەکراون، بەڵام لە سەر/ڕوویەکی دیکەوە کرۆکی سیمانتیکی پەیوەست بە نیشانەکردنی تایبەتەوە بۆ هەردوو زمانی کوردیی و ئینگلیزیی جیاوازن، بەوەش (پیاو) بۆ زمانی کوردیی نیشانەکراوی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام بۆ زمانی ئینگلیزیی پێشبینیی ئەو نیشانەکراوییە ناکرێت. ئەمەش لە نموونەکانی خوارەدا تاقیدەکرێتەوە[16]:

2-أ- هەر چاوەڕێی ئەو پیاوەتییەی لێدەکرا. /پیاو+ەتی/ ⟵ [+چاکە، +لەخۆبردوویی، ...]

ب- پیاو کاری وا ناکات. /پیاو/ ⟵ [+خاوەن شکۆ، +چاکەکار، ...]

پ- ئەمە کاری پیاوانە. /پیا و/ ⟵ [+هێز/+گەورە/+چاکە، ...]

نموونەکانی سەرەوە ئەوە دەردەخەن، کە وشە/فۆرمی (پیاو) هەندێك نیشانەی واتایی هەیە، کە پێشبینیی ناکرێت لە زمانێکی وەکو ئینگلیزیدا ببن بە نیشانەی واتایی، ئەوەش پەیوەندیی بە باری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا جیاوازەکانەوە هەیە. ئەمەش نیشانەکردنی (پیاو)ە، بەجۆرێك دەتوانرێت، بگوترێت، هەر بەکارهێنانێکی وشەکە/لێکسیمەکە نیشانەکردنێکیی.

## 4- پرۆژەی/پرۆژەسازدانی توخمە فەرهەنگییەکان

هەرچەندە بە پێی مۆدێلەکە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی وەك یەك ئاست/لیڤڵ هەژماردەکرێن و هەردوو ئاستەکە فۆرمی یەك-لێکسیمی و فۆرمی ناسادەی بەلێکسیمبوو، بەوەش فۆرمی فەرهەنگی و فۆرمی مۆرفۆلۆژییش دەبن بە (x) و بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسی دەهێنرێنە سینتاکس (و مۆرفۆلۆژیی)ەوە. ئەمەش بە خشکەیی ئەوە دەردەبرێت، کە فرێزەکان (و وشە مۆرفۆلۆژییەکان) بەرهەمی توخمی یەك-لێکسیمی و لێکسیمی ناسادەشن. بەڵام خودی مۆرفۆلۆژیی بە فلتەری دروستکردن و بەرهەمهێناندا تێدەپەڕێت. خۆی لە خۆیدا مۆرفۆلۆژیی بۆ بەرهەمهێنانی فۆرمی نوێیە بۆ واتای نوێ. بۆ بەرهەمهێنانی فۆرمی نوێش مۆرفۆلۆژیی پێویستییەکانی بە کەرەستە و پرۆسە/پێواژۆ پڕدەبێتەوە، وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، مۆرفیمەکانی هەڵگواستن بۆ پرۆسەی هەڵگواستنن، بۆیە ئەو پێکهاتەیە نیشانەکراون و ئاستی نواندنی ($X^{-1}$)یان هەیە. ئەوەش دەربڕی ئەوەیە، کە مۆرفیمەکانی هەڵگواستن لە فەرهەنگەوە بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی نیشانەکراون، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پرۆسە/پێواژۆی لێکداندا بەرهەمهێنانەکە بە مۆرفیمە سەربەخۆکانە، بۆیە پێشبینیی نیشانەنەکراویی ئەو توخمانە دەکرێت. ئەویش لەبەر ئەوەی توخمە سەربەخۆکان بەپێی تیۆری x-bar لە قۆناغی بەرێزمانیبوونیاندا بۆ بەرهەمهێنانی دروستە سینتاکسییەکانن؛ تیۆرەکە ئەگەرچی توخمەکانی بۆ بەرهەمهێنانی فرێز دەستنیشانکردووە، بەڵام لە فراوانکردنی ئەو تیۆرەدا بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی دەبێت ئەو توخمانە دەستنیشانبکرێن، کە بەرهەمهێنەری دروستەی مۆرفۆلۆژیین. وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، پرۆسە/پێواژۆکانی مۆرفۆلۆژیی هەڵگواستن و لێکدانە. لێکدان وەك پرۆسەیەکی سەربەخۆ لە نێوان هەردوو لیڤڵی فەرهەنگی و مۆرفۆلۆژییدایە، هەرچەندە لیڤڵی فەرهەنگی تەنها هەڵاوێرکردنی توخمەکان بۆ بەرهەمهێنانە مۆرفۆلۆژییەکە دەگرێتەوە، بەڵام پێشتر و لەناو فەرهەنگدا توخمی زاڵ و پرۆژەسازدەر بۆ ئەو بەرهەمهێنانە هەیە. بەوەش مۆرفۆلۆژیی خاوەنی (x)ێکی پرۆژەسازدەرە، (x)ە پرۆژەسازدەرە مۆرفۆلۆژییەکان (A و V) دەگرێتەوە. بەڵام وردەکاریی یەك-لێکسیمە پرۆژەسازدەرەکانی مۆرفۆلۆژیی و تاقیکردنەوە و لێکدانەوەیان لێرەدا بە پێویست نازانرێت، ئەوەش لەبەر ئەوەی لە کرۆکی باسی نیشانەکردن دوور نەکەوینەوە. ئەوەی لێرەدا پێویستە بخرێتەڕوو، چۆنێتی نیشانەکردنی توخمە مۆرفۆلۆژییەکانە، بەوەش ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە کام توخمانە توخمی مۆرفۆلۆژیین و دەبن بە سەری دروستە مۆرفۆلۆژییەکان و پرۆژەسازدەرن و نیشانەکردنەکان لە مۆرفۆلۆژییدا کامانەن.

## 5- نیشانەکردنی توخمە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان

وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی بۆکرا، ڕێزمان بۆ نواندنی زانیارییە فەرهەنگییەکانە. هەر پێکهاتەیەکی ڕێزمان/ فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس، بە پێی یاساو ڕێساکانی، زانیاریی نێو توخمەکانی دەنوێنێ و نیشانەش دەکات. لەوەوە پێشبینیی جڵەوگیریی توخمەکان دەکرێت، ئەوەش بەوپێیەی، هەر توخمێکی بە زانیاریی تایبەتی خۆیەوە هەڵگری زانیارییەکانە. بۆ نموونە فۆنیمەکان بۆ پێکهاتەی فۆنۆلۆژیین، دەبێت مۆرفێم و وشەکان بۆ هەردوو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس بن. لێرەوە چەشن و ئاستی نواندنی وشەکان بۆ پەیپێبردن بە زانیارییەکان و نیشانەکردنیان لە ڕێزماندا پێویست دەبن. هەرچەندە لە مۆدێلی جیاکردنەوەی مۆرفیمی بەندو سەربەخۆدا، جیاکاریی و نیشانەکراویی نییە.

وەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە، دەکرێت تیۆری x-bar بهێنرێتە ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییەوە، دەبێت پێشبینیی هەبوونی توخمی تایبەت بەو پێکهاتەیە بکرێت، ئەگەر نا ئەوە دەبێت توخمەکان بە دەروازەی هاوشێوەوە بۆ ناو هەردوو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس بن، بەوەش توخمەکان لەناو فەرهەنگدا بۆ ناو ئەو دوو پێکهاتەیە نیشانەنەکراو دەبن. ($X^0$)ەکان توخمی هەردوو پێکهاتەکان دەبن. لە ڕاستییدا پێشتر ئەوە ڕوونکرایەوە، کە توخمی ($X^{-1}$) بە تەواوی بۆ ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی نیشانەکراوە، (هەرچەندە دەشێت لە هەندێك زماندا نیشانەیەکی ڕێزمانی بە مۆرفیمە هەڵگوێزەرەکان نیشانەبکرێت، بۆ نموونە زمانی دیاریی/دیياری/Diyari کە زمانێکی ڕەسەنی باشووری ئوسترالیایە، نیشانەی کۆ بە مۆرفیمە هەڵگوێزەرەکان نیشانەدەکات، کە دەتوانرێت، بگوترێت، هەڵبژاردنێکی تارادەیەك ئازادانەیە[17]، ئەوەش ڕێگاخۆشدەکات بۆ ئەوەی پێشنیازی ئەوە بکرێت، کە لە توخمە سەربەخۆکانیشدا هەمان نواندن بۆ ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی هەبن. ئەوەش ئەو پرسیارە دەوروژێنێت، کە پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژیی کامانەن؟ دروستە/ڕاستە، کە هەڵگواستن بە توخم و پێکهاتەکانی خۆیەوە دەچێتە ناو پێواژۆ/پرۆسەی هەڵگواستنەوە، بەوەش پێواژۆکە نیشانە و کۆتوبەند دەکات. بەوەش پێشبینییەکان بەو جۆرە دەکەونەوە، کە (أ) پێواژۆی لێکدانیش توخم و کەرەستەی خۆی هەبێت، یان (ب) کۆی پێواژۆی لێکدان،

[16] بیشڕوانە: هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان، (2015: 81-91).
[17] **Bauer. Laurie, (2003: 25).**

پێواژۆیەکی بەلێکسیمبووی فرێزەکان بن، نەك مۆرفۆلۆژیی[18]، لێرەوە توخمەکان بۆ ئەو دوو بۆچوونە تاقیدەکرێتەوە. تاقیکردنەوەی بۆچوونەکان لەسەر پۆلە فەرهەنگییەکانی (A و V)ەکان دەبن، کە هەردووکیان لەناو ئەو دوو پێکهاتەیدا *(مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس)* پرۆژەسازدەر و دەسەڵاتدارن.

لە پێکهاتەی سینتاکسدا (A و V) لە ڕووی دروستەوە هەریەکە لە فرێزەکانی ئاوەڵناوی/$A^-$ و کردارییەکان/$V^-$ بەرهەمدەهێنن. هەردوو توخمەکە [+دۆخدەر]ن و دۆخ بە فرێزی ناویی/دیارخەریی دەدەن، لەڕووی واتاییشەوە هەڵاوێری فرێزەکان دەکەن و نیشانەکانیان ڕێکدەکەون، بەوەش لە فەرهەنگدا و سەبارەت بە دابەشکردنی مۆرفیمەکان ئاستی نواندنی ($X^0$)یان دەبێت و لە سینتاکسدا دەبنە توخمێکی دەسەڵاتداری دۆخدەر. بڕوانە (5-1).

نواندنی (5-1)

V ، A

+پرۆژەسازدەر
+هەڵاوێرکەر
+دۆخدەریی

ئەوە سەرەڕای ئەوەی ئەو دوو توخمە فەرهەنگییە پەیوەست بە دەروازەی سینتاکسییانەوە لە پێدانی جۆری دۆخی ڕێزمانییدا لێکجیادەبنەوە، ئەوەش بەو پێیەی لە ($A^0$)ەکان دۆخی خستنەپاڵ و ($V^0$)ەکانیش دۆخی ئەکوزەتیڤی/بەرکارییان هەیە. هەروەها لە ڕووی دروستەوە ئەو دوو توخمە پرۆژەی سینتاکسیی جیا بەرهەمدەهێنن، ئاوەڵناوەکان فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی[19] و کردارەکانیش فرێزی کرداریی بەرهەمدەهێنن[20]. ئەوەش بەشێکە لە دەروازەی فەرهەنگیی نیشانەکراوی ئەو دوو توخمە لە سینتاکسدا.

بەوەش کەمتر لەو زانیارییانەیان دەبێت، کە لە دەروازەی زانیاریی ئەو دوو توخمەدا هەیە. ئەگەر لێکدانەوەکە بەو چەشنە بێت، کە دەروازەی زانیاریی جیایان لە ناو پێکهاتەکاندا *(مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس)* هەبێت، ئەگەرنا ئاوەڵناو و کردارەکان بۆ ناو پێکهاتەکان نیشانەنەکراو دەبن و ئەوکات جێکەوتەی بەکارهێنان بڕیار لەسەر جێگە و نیشانەکردنەکان دەدات، بۆ نموونە لە بەشێك لەو دروستە مۆرفۆلۆژییانەی/وشە لێکدراوانەی، کە ئاوەڵناوەکان سەری حوکمکەرن، ئاوەڵناوەکان دەکەونە جێکەوتەی سەرەتاوە، بە پێچەوانەی فرێزە ئاوەڵناوییەکانەوە، کە ئاوەڵناوەکان دەکەونە، جێکەوتەی کۆتاییەوە[21]، بۆ نموونە بڕوانە وشەکانی (تەڕەپیاز) لە مۆرفۆلۆژیی و فرێزی (پیازی تەڕ) لە سینتاکسدا. بەڵام پێشنیازی ئەم توێژینەوەیە بەو جۆرە دەبێت، کە توخمی مۆرفۆلۆژیی ئەوانە دەگرێتەوە، کە ئاستی نواندنی ($X^{-1}$)یان هەیە و بەوەش دەروازەکانیان بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیین، بۆیە پێشبینی و پێشنیازی ئەوە دەکرێت، کە نواندنە ($X^{-1}$)ەکان توخمی دەسەڵاتداری ناو ئەو پێکهاتەی بگرێتەوە، چونکە ئەو توخمانە بە تەنها پرۆژەسازدەری مۆرفۆلۆژیین و ئەوەش بەو پێیەی ($X^{-1}$)ەکان لە ناو پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکاندا لە چەشنی ئاوەڵناو و کردار هەر لە فەرهەنگەوە دەروازەی مۆرفۆلۆژییان هەیە، ئەوەش بەو پێیەی لەناو دروستە مۆرفۆلۆژییەکاندا جگە لە دەسەڵاتی دروستەیی و واتایی، دەسەڵاتی سینتاکسیی پەیوەست بە دروستە و ئەرکەوە نییە، بۆیە لێرەوە پێشنیازی ئەوە دەکرێت، کە ئەو توخمانەی بۆ ناو مۆرفۆلۆژیین نیشانەکراوی ناو ئەو پێکهاتەیە *(مۆرفۆلۆژیی)* بن و ئاستی نواندنی ($X^{-1}$)یان پێبدرێت. بەوەش ئاوەڵناو و کرداری ناو مۆرفۆلۆژیی لە چەشنی ($A^{-1}$) و ($V^{-1}$)ن.

ئەوەی خرایەڕوو، بەو واتایە دێت، کە زمانی کوردی وەك چۆن ($A^0$) و ($V^0$)ی لە پێکهاتەی سینتاکسدا هەیە، بۆ مۆرفۆلۆژییش هەیە. پێشنیازەکە بۆ جیاکردنەوە و سەلماندنی نیشانەکراویی توخمەکانی ناو مۆرفۆلۆژیین، پێڕەوەکەش ئەو دەروازە جیایانەن، کە لەناو ئەو توخمانەدا هەن، بەوەش بۆ نموونە هەریەکە لە /-ستان/ و /جوان/ و /کوژ/ هەمان نرخی ڕێزمانییان لە مۆرفۆلۆژییدا دەبێت، کە ($X^{-1}$)ن، سەرەڕای ئەوەش لەناو فەرهەنگدا ($P^0$) و ($P^{-1}$)یش بە دوو دەروازەی جیاوە هەڵگیراوە[22]، کە ($p^0$)ەکان پرۆژەسازدەری سینتاکسیین و دەبن بە سەری دروستە سینتاکسییەکان، هەرچی ($p^{-1}$)یشە پرۆژەسازدەری مۆرفۆلۆژیین و سەری دروستە مۆرفۆلۆژییەکانن، لە هەردوو پێکهاتەکەشدا (p)یەکان دەکەونە سەرەتای دروستە سینتاکسی و مۆرفۆلۆژییەکانەوە. ئەگەر بەپێی توێژینەوەکان پێشناوی سینتاکسی و مۆرفۆسینتاکسیی/مۆرفۆلۆژیی لەیەکجیاکراونەتەوە، بە جۆرێك کە پێشناوەکانی (لە، بە، بۆ) بە پێشناوی سینتاکسیی و پێشناوەکانی (پێ، تێ، لێ) بە پێشناوی مۆرفۆسینتاکسی/مۆرفۆلۆژیی هەژمارکراون[23]، بەڵام هەر ئەو پێشناوانەی بە سینتاکسیی هەژمارکراون، لە ئێستای زمانی کوردییدا پێشناوی مۆرفۆلۆژییشن. بەواتا بە مۆرفۆلۆژییانە و وەکو پێواژۆیەکی مۆرفۆلۆژیی (هەڵگواستن وەکو بەهێز و لێکدان وەکو ژنبەژن/دەسبەسەر) وشەی نوێ بۆ واتای نوێ پێکدەهێنن. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، نموونەکانی (3) لە خوارەوە تاقیدەکرێنەوە.

3-أ- ئازاد لە ئارامی دا. / لێی دا. /* لە pro دان/، /لێدان/

ب- بە هێز پارەکەی لێ وەرگرتەوە. /* بە هێز/ هەمبەر بە /بەهێز/

پ- کڕیارەکە پارەکەی بە دوکاندارەکە دا. / پێیدا. / * بە pro دان/، /پێدان/

ت- شیرین کتێبێکی بە دیاری بۆ کڕی. /  /* بۆ کڕین/

4-أ- / پێدان، پێکردن، .../

ب- / لێدان، لێسەندن، .../

پ- / تێچوون، تێکردن، .../

5-أ- / بەهێز، بەجەرگ، بەتوانا، بەڕێز، ..../


[18] بڕوانە: محەمەد مەجید سەعید، (2015، 74-97).
[19] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (2011، 79-87).
[20] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (2001، 174).
[21] بڕوانە: محەمەد مەجید سەعید، (2015: 87-88).
[22] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (2010: 202-208).
[23] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، مۆرفۆلۆژیی (200: 202-208) و

ب- /شەولەبان، گوڵبەدەم، .../

بە سەرنجدان لە نموونەکانی (3-أ تا –ت) ئەو گریمانەیە دەسەلمێت، کە پێشناوەکانی (لە، بە، بۆ) پێشناوی سینتاکسین. کاتێك دروستەی ڕستەیەکی سینتاکسی بە مۆرفۆسینتاکسی دەردەبردرێت، ئەوە پێشناوەکانیش، فۆرمیان دەگۆڕیت، وەکو پێشتر ئاماژەیبۆکرا، بە چەشنی پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی دەردەکەون و دەنوێنرێن، وەکو لێکسیمی ناسادە لەگەڵ (کردار)ەکاندا بەشێوەی پێشگر دەربکەون، تاوەکو ئێرە گرفتێك لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا دەرنەکەوتووە، بەڵام وەکو لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، دەشێت، پێشناوە سینتاکسییەکانیش توخمی پرۆژەر سازدەری مۆرفۆلۆژییش بن[24]، بڕوانە نموونەی (5-بەهێز، بەجەرگ، ...) کە پێشناوەکان لە بەشێوە سینتاکسییەکەیانەوە نوێنراون. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە لەم نموونانەدا پێشناوەکان ئەگەرچی پرۆژەسازدەری مۆرفۆلۆژیین، چونکە مۆرفۆلۆژییانە هەڵسوکەوتیان کردووە، بەڵام دروستەکانیان هاوشێوەی دروستەیەکی سینتاکسییە، کە لەگەڵ (ناو)ێکدا دروستەکانیان پێکهێناوە، ئەمە بۆ پێشناوە مۆرفۆسینتاکسییەکانی هەر دروستە (بڕوانە نموونەکانی (4-أ تا پ))، کە ئەمانە لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا لەگەڵ کردارەکاندا دەردەکەون، بۆیە لەگەڵ کردار/ناویکرداریدا ناوێکی کرداریی نوێیان هەڵگواستووە.


پەیوەست بە ($p^{-1}$)ەکانەوە و لە ڕوانگەی نموونە و ڕوونکردنەوەکانەوە ئەوە دەرکەوت، کە پێشناوەکان خاوەن دەروازەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسین، ئەوەش بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە پێشناوەکانیش بۆ ناو دروستەی سینتاکس و مۆرفۆلۆژیی نیشانەنەکراون، بەڵام ئەگەر ئەو گریمانەیە دروست بێت، کە پێشناوەکانی (لە، بە، بۆ) پێشناوی سینتاکسیین و پێشناوەکانی (پێ، تێ، لێ) پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیین، ئەوە هەریەکە لەو گرووپە پێشناوانە بۆ ناو پێکهاتەکانیان نیشانەکراون و ئەو گریمانەیەش زیاتر دەسەلمێنێت، کە دەشێت لە زمانی کوردیدا مۆرفۆسینتاکس پێکهاتەیەکی سەربەخۆ بێت، وەکو سینتاکس و مۆرفۆلۆژیی. ئەم بارانەی زمانی کوردی لە توێژینەوەکاندا وا لێکدراوەتەوە، کە تێکەڵبوونی پێکهاتەکانی زمانی کوردییە، لە هەمانکاتدا گەڕانەوەی هەندێك پێکهاتە/دروستەشی بۆ ناو فەرهەنگی زمانی کوردیی ڕەخساندووە[25]، بەم پێیەش ئەوە دەبێت بگوترێت، کە سینتاکسیش وەکو مۆرفۆلۆژیی توخمی لێکسیمی ناسادە بۆ ناو فەرهەنگ زیاددەکات. بەڵام لەبەر ئەوەی سینتاکس خۆی ئەرکی دروستکردنی توخمی فەرهەنگی نییە، بۆیە ناتوانرێت بە ڕەهایی بە لێکسیمسازدەر دابنرێت، بە پێچەوانەی مۆرفۆلۆژییەوە، کە ئەرکی دروستکردنی فۆرمی نوێیە، بۆ واتای نوێ. بۆ ئەو مەبەستە خستنەڕووی هێڵکاری (5-2) بە پێویست دەزانرێت.

هێڵکاریی (5-2) دروستکردنی لێکسیمی نوێ لە سینتاکس و مۆرفۆلۆژییدا





ڕوونکردنەوە و هێڵکارییەکەی سەرەوە بۆ ئەو پێواژۆیانەیە، کە توخمێکی سینتاکسی تێیدا دەبێت بە لێکسیم و هەرەوەها بۆ نیشاندانی پەیوەندیی فەرهەنگە بە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسەوە، بەڵام گەر پەیوەست بکرێت بە مۆدێلەکەوە، ئەوە دەبێت وەڵامی ئەوەی، کە ئایا توخم و کەرەستەکانی نێو ئەو دوو پێکهاتەیە هەمان شتن؟! بۆیە بەپێی ئەو ڕوونکردنەوانەی پێشتر دراون، دەبێت ئەوە بخرێتەڕوو، کە کەرەستەکان بۆ هەردوو پێکهاتەکە نیشانەکراون، بەوەش لە هەمان کاتدا توخمەکان بۆ پێکهاتەکان و مۆدێلەکە بەو چەشنەی لێدێت، کە لە خوارەوە دەخرێتەڕوو.

هێڵکاریی (5-3)




هێڵکارییەکە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس لە هەمان ئاستدا دادەنێت، بۆیە دەشێت: (أ) مۆرفۆلۆژیی توخمی تایبەت بە خۆی هەبێت، (ب) مۆرفۆلۆژیی پێواژۆ و نواندنی فۆنۆلۆژیی، پاشان واتایی تایبەت بە خۆی هەبێت، (پ) بۆچوونەکە پەیوەست بە سینتاکسیشەوە هەمان شت بەدەستەوە دەدەن، بەوەی، کە توخمەکان بۆ بەرهەمهێنانی فرێز پاشان ڕستەن، پێکهاتەکە فۆنۆلۆژیی سینتاکسی هەیە و ڕەچاوی تایبەتمەندیی خۆی دەکات، بڕوانە بەشی یەکەم و هێڵکاریی (5-4) لە خوارەوە.

هێڵکاریی (5-4)





[24] عومەر ئەحمەد عەزیز & هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان، (2018: 416-419).
[25] محەمەدی مەحویی، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، (2010: 108-116).

$X^0$ فرێز و ڕستە بەرهەمهێن          $X^{-1}$ هەڵگواستن


$X^{-1}$ لێکدان

هێڵکارییەکە ئەوە دەردەبڕێت، کە توخمی سینتاکسی ($X^0$) بۆ پێکهاتەکانی ($V^0$ ،$N^0$ ،$A^0$ ،$P^0$) نیشانەکراوی سینتاکسین و لە فرێزەکانیشدا لە چەشنی خۆیان فرێز نیشانەدەکەن، ئەویش بەواتای ئەوەی هەر یەکێك لەوانە لە توخمی خۆی فرێز بەرهەمدەهێنێت. بەوەش لەبەردەم دوو نیشانەکردندا دەبێت: (أ) ($X^0$) بۆ فرێز-بەرهەمهێنان نیشانەکراوە، (ب) بەپێی چەشنی پریدیکاتەکە فرێز بەرهەمدەهێنێت. بۆ ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە بڕوانە هاوکێشەکانی خوارەوە.

هێڵکاری (5-5)




هێڵکاری (5-6)




بەپێی ئەوەی خرایەڕوو، توانای زمانی مرۆڤ بۆ ئاخاوتن بەرهەمهێنانی ئاخاوتن بەشێکی لەسەر بنەمای ڕیزمانی جیهانییە و بەشەکەی دیکەی لەسەر بەرکەوتنێتی بە زمانێکی دیاریکراو، کرۆکە ڕێزمانەکە نیشانەنەکراوە و گشتییە بۆ هەموو زمانێکە، ڕێزمانە تایبەتەکەش لەسەر بنەمای کرۆکە ڕیزمان تایبەت و نیشانەکراوە، بەم پێیە نیشانەکردن لەسەر بنەمای UG بەلای زمانی تایبەتدا دەشکێتەوە~ئاراستەوەردەگرێت، ئەم بنەمایەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگۆڕێت، بەوەش زمانێك لە زمانێکی دیکە نیشانەکراوترە و بەپێچەوانەشەوە دروستە، ئەگەرچی هەردوو زمانەکە لە UGیەوە بنەمایان گرتووە، ئەمەش وا دەکات ئەو زمانانەی سەر بە خێزانە-زمانێکن ئاسانتر لەیەکترتێبگەن و بەپێچەوانەشەوە[26]، بۆ نموونە زمانی کوردیی و فارسیی دوو زمانی یەك خێزانە-زمانن، بۆیە دەشێت ئاخێوەرانیان ئاسانتر لەیەکتر تێبگەن (لە دۆخێکدا ئاخێوەری یەکێك لەو زمانانە، ئاسان لە زمانەکەی دیکە تێدەگات، بە بەراورد بە زمانێکی وەکو تورکی، یان عەرەبی، یان چینی، کاتێك کە شارەزایی لە هیچ یەکێك لەو زمانانە و زمانی هەمان خێزانە-زمانی خۆی نەبێت). ئەم دیاردەیە بۆ ئەوەش دروستە، کە زمانێك لە دوو سەردەمی جیای کۆن و نوێدا دەبێت هەمان بنەمای هەبێت، ئەگەرچی گۆڕان لە زمانەکەدا ڕوویداوە[27]، بەواتا ئاخێوەرێکی زمانێك نازانێت، لە کۆندا زمانەکەی چۆن بووە، بەڵام لە کۆن و نوێشدا هەمان بنەماکانی UG پەیڕەودەکات.

ئەوەی خرایەڕوو، زیاتر جەختکردنە لە ($x^0$)ەکان و ئارادەیەکیش دروستەی ڕستە و فرێزەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەمەکی ئاوڕ لە سیمانتیك دراوەتەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی توێژینەوەکە لە خزمەتی پێواژۆی نیشانەکردنە لە ئاست/پێکهاتانە بەپێی تیۆری بەرهەمهێنان، بۆیە کەمتر ئاوڕ لە پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی/سەگمێنتەکان دراوەتەوە، بەڵام پێویستە بە کورتی و بەگشتی پەیوەست بە گشتگیریی/universalەوە ئەوە بخرێتەڕوو، کە گریمانەکان بەو چەشنەن، کە پێکهاتەی فۆنۆلۆژییش پەیوەست بە کرۆکە ڕێزمانەوە جیهانییە، ئەوەش بەوەی کە زمانان بەلایەنی کەمەوە خاوەنی فۆنیمە کۆنسۆنانتەکانن/نابزگەیی، ئەمە جگە لەوەی لە ئاستی فۆنیمە ناکەرتییەکان توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، بە لایەنی کەمەوە هەموو زمانان خاوەنی وەستان و هێز و ...تدین[28]، ئەمەش بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕیت، ئەگەرچی زمانێك وا پێش بینی بکرێت، کە فۆنیمی ڤاوڵیشی نەبێت، هەر دەبێت وشە و دەربڕینەکان بە برگە بنوێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا فۆنیمە ناکەرتییەکان/سەروسەگمێنتییەکان ڕۆڵیان لە گەیاندنی واتادا هەیە، بۆیە فۆنۆلۆژیی زمانە جیاوازەکان پەیڕەویی لە کرۆکە زمان دەکەن، ئەمەش بۆ زمانی کوردیی دروستە، کە برگە و وشە و توخمە فەرهەنگییەکان بەپێی ڕێزمانی جیهانی پێکهاتوون. بۆ نموونە زمانی کوردیی برگەی بێ-ڤاوڵی نییە، کە ئەمە تایبەتێتییەکی زمانەکەیە، هەروەکو چۆن وا پێشبینیکراوە، کە برگە لە زمانی کوردییدا بە ڤاوڵ دەستپێناکات.

## ئەنجامەکان:

1- زمانی کوردی پەیوەست بە بنەماو پارامێتەرەوە نیشانەکراوی ڕێزمانی جیهانییە، بەو پێیەی بنەماکان بۆ گشت ڕێزمانێکەو پارامێتەری زمانە جیاوازەکان نیشانەکراوی پارامێتەرە جیهانییەکەن، بۆیە (X)ەکان نیشانەنەکراون و پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکانی دیکە نیشانەکراوی ڕێزمانی گشتیین، بەڵام پەیوەست بە جێبەجێکردنی پارامێتەرەکانەوە لە زمانی کوردییدا، لە سینتاکسدا نیشانەکراون

2- توخمە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیی لە ڕووی بنەمانی ڕێزمانی جیهانییەوە لە ڕووی سینتاکیییەوە نیشانەکراوترن، بە بەراورد بە کرۆکی واتاییان، چونکە زانیارییە واتاییەکان بەشێکن لە زانیاریی پۆلەڕەگەزەکان، ئەوەش لەبەر ئەوەی چەمکی/واتای توخمە فەرهەنگییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە هەموو زمانێکدا وەکو یەکن، بەم پێیە هەمان واتا و فۆرمی جیاوازیان دەبێت.

3- پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس لە زمانی کوردییدا خاوەنی توخم و پرۆژەی تایبەت بە خۆیانن، بەوەش دوو پێکهاتەی جیاوازی ڕێزمانن، کە ڕێساو یاساو کۆتوبەندی تایبەت بە خۆیان هەیە. بە جۆرێک، توخمی ($X^{-1}$) تەنها بۆ ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی نیشانەکراون، بەڵام

1- [26] Zhao-zi. Jiang & Chang-zhong. Shao, (2006: 79). https://files.eric.ed.gov/fulltext/ED497374.pdf

[27] Scalise. S & Magni. E & Bisetto. A, (2009: 34).
[28] Hyman. Larry. M,(2007), https://escholarship.org/content/qt2zn6n546/qt2zn6n546_noSplash_c26dae69b8d9f8d53a64ef7fd619c278.pdf?t=pdtkn8 VD.ug.

($X^0$)ەکان بۆ ناو هەردوو پێکهاتەی سینتاکس و مۆرفۆلۆژی، بۆیە ($X^{-1}$)ە بەندو سەربەخۆکان تەنها دەروازەی مۆرفۆلۆژییان هەیە، بەڵام ($X^0$)ەکان دەروازەی سینتاکسی.

## سەرچاوەکان:


1- تریفە محەمەد فەرەج، (2024)، مۆدێلی بەرهەمهێنانی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردییدا، زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە، بەشی کوردیی، نامەی دکتۆرا.

2- عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، (2020)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ساراو سلێمانی.

3- عومەر ئەحمەد عەزیز & هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان، (2018)، لەرێزمانیکەوتنی هەندێك لە مۆرفیمە ناسەربەخۆ سینتاکسییەکانی زمانی کوردی-کوردیی ناوەڕاست، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، Vol.5، No.3.

4- محەمەد مەجید سەعید، (2015)، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسیمبوون، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، نامەی ماستەر.

5- محەمەدی مەحویی، (2006)، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەرۆك-وابەستە، زانکۆی سلێمانی.

6- محەمەدی مەحویی، (2011)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

7- محەمەدی مەحوی و نەرمین عومەر ئەحمەد، (2004)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.

8- محەمەدی مەحویی، (2001)، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.

9- محەمەدی مەحویی، (2010)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆژیی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.

10- هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان، (2015)، پرۆسەو یاساکانی وشەدروستکردن لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردیی، نامەی ماستەر.

11- Bauer. Laurie, (2003), Introducing Linguistic Morphology, Second Edition, Edinburgh University Press.

12- Chomsky. Noam, (1965), Aspects of the Theory of Syntax, MTI Press, Cambridge.

13- Cook, V. J. & Newson, M. (2007), Chomskys Universal Grammar an Introduction, Third Editon, USA.

14- Greenberg. Joseph. H, (1963), Universals of Language, MIT Press, Cambridge.

15- Hyman. Larry. M, (2007) Universals in Phonology, UC Berkeley Phonology Lab Annual Report (2007), pp.345-390. https://escholarship.org/content/qt2zn6n546/qt2zn6n546_noSplash_c26dae69b8d9f8d53a64ef7fd619c278.pdf?t=pdtkn8

16- Qiang. Zhang, (2014), The reflection of markedness in prototype category theory on semantic level and its implication for second language acquisition, International Journal of Language and Linguistics, Vol 2, No 2, PP 95-101.https://www.sciencepublishinggroup.com/article/10.11648/6004599

17- Radford. Andrew, (2004), English Syntax An Introduction, Cambridge University Press.

18- Ramat. Paolo, (1999), Linguistic categories and linguistcs categorization, Linguistics, 37-1, pp. 157-180. And see:file:///C:/Users/Hi/Downloads/Linguistic_categories_and_linguists_cate.pdf

19- Scalise. Sergio, (1986) Generative Morphology, second edition, Foris Publication, Netherland.

20- Scalise. S & Magni. E & Bisetto. A, (2009), Universals of Language Today, Springer Science & Business Media.

21- Zhao-zi. Jiang & Chang-zhong. Shao, (2006), Markedness Grammar and Second Language Acquisition, US-China Education Review, ISSN1548-6613, USA, Volume 3, No.8. https://files.eric.ed.gov/fulltext/ED497374.pdf

22- https://link.springer.com/chapter/10.1007/978-94-015-6859-3_8



**Abstract:**

The research entitled (Rules for markedness Morphological and Syntactic Elements of the Kurdish Language) in which grammatical markedness in natural languages and Kurdish was investigated, aims to take the rules for markedness morphological and syntactic elements out of the framework of nuclear grammar, therefore, firstly, the rules for markedness were presented within the framework of universal grammar, for which the markedness of lexical elements in nuclear grammar was shown, and through that, a gateway for grammatical markedness of lexical elements was provided. The surface rules in different languages were studied and compared with the grammatical markedness of cultural elements; examples from Kurdish, Persian, English and Arabic were cited; then, based on the same universal grammatical rules and markedness rules, markedness was tested in Kurdish, based on dividing human language into dictionary and grammar. So that the dictionary is a treasure trove of grammatical and semantic elements and information of the elements, and grammar is the representation of that information. The results showed that markedness of cultural categories in the first stage falls within the essence of grammar and is a universal representation, while in special languages and Kurdish, markedness belongs to the later stage.